# پەست

## وەک ئێوارە نارنجییەکانی نیشتمان

دیوانی شیعر

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری
*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**
***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

ئیسماعیل بەرزنجی

# پەست

وەک ئێوارە نارنجییەکانی نیشتمان

شیعر

ناوی کتێب: پەست وەک ئێوارە نارنجییەکانی نیشتمان (شیعر)
دیوانی: ئیسماعیل بەرزنجی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: **٥٩٨**
دەرهێنانی ناوەوە: بەدران ئەحمەد حەبیب
بەرگ: حەمید رەزا ئازموودە
سەرپەرشتیاری چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم: ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٥٧٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

# گەرما

بروسکە بوون، چ خۆشبەز بوون
چرکەکانی ژیانم، بەخێرایی تێپەڕین
جوانەکان
چ زوو– جوانەمەرگ– بوون
شەوانی مەستیم
رۆژانی پڕ هەناسەی ساردم
گوندەکانی رۆخ جادە
ژنە کورتەبنە بزێوەکە
برادەرەکانم
کیژ و کوڕی درۆ و راستی
چ بەلەزەت بوون

ساتە وجودم
ساتێک بەسەر قەڵاوە و
خولەکێک لە قاوەخانە و
شەوێک لە باوەشی گوندێک
ناو بەناو لەناو شیعرێکی رەشبیندا
ئینجا وەک کەشتییەکی تێکشکاو
گیرسامەوە
***

لە هیکرِا
ئەوەی پێی دەڵێن هەست
تاکە چرکەیێک خۆشی
تاڵەموویەک لەجوانی
بەگیانمەوە نەما
لە خاکی پڕِ مشک و دووپشک و جرجە کوێرەدا
لە دەشتی رزاوەی دەست گوللەتۆپی هەشت ساڵەدا
گەڕِامەوە نێو تەلبەندەکە
لەم خاکە سوێر و بۆگەنەدا
تا چاو بڕِکات
هەر پۆستاڵە
دووپشکە
حەسرەتی ئینسانی گەمژەیە
وەڕەی زیل و تانکەرە

شتە جوانەکانم دەگەچڵێنن
لێرەدا
هەر جوانییە
مەمکی مۆنالیزایە
دێرە شیعری پەرتە
چیلکەدار و وردە بەردی گەرمییانە
عەسرێکی درەنگ دەورم دەدەن
تێرتێر
بۆ جوانەمەرگیی خۆمان دەگرین
***

زەردەواڵە، دووپشک
مێرووله، سەگی برسی
سەربازی دەبەنگ
لەم ئێوارە پڕ حەسرەتەدا
بە چوار دەوری
مەنجەڵێک (قوسعە)دا
خول دەخۆن
تەیر و تواری سەر تەلبەندەکە
وەک خۆم پەست
پەست لە دیمەنی
فلچە و پۆستاڵ
تووڕە تووڕ و غارەغار
ئەفسەر و سەرباز
هەموو سەرسامین
تەیر و توار پێشکە راودەنێن
منیش بەقاچم دەیان پلیشێنمەوە
***

دەترسم
لە ترپەی پێ
بۆنی دەم و دان
پرخەی نوستووان
زابتی خەفەر
گەرما دەمگرییێنێ
جوانیم، هۆشم داگیر دەکا
گەرما دیکتاتۆرە
دە داببارە، ئەی بارانی نائومێدی
لەم مەملکەتە بێ سەردارەی گیانمدا
بەغەیرەز شیعری رەشبین و
پارچە عاردێک و روومەتی ژنێک
چیتر ناشۆیتەوە

# مردن
# هەمیشە ڕوخسارە جوانەکان بۆ خۆی دەبات

جوان بوون
هەر هەموویان جوان بوون
(دایانا، سامالّ، دالیدا)
یەک لە یەک جوانتر بوون
لەزیواو هەلّێنجرابوون و
مەمکی مانگیان مژیبوو
جوانەکان
لە بەهەشتێک تەفرەدران
کە شەیتانەکانیشی قەدیس بوون
دۆزەخێک لە باوەشی گرتن

سەرجەم سۆزانییەکانی شەریف بوون
من بە سەماوە جوانم
بە (دایانا و ساماڵ و دالیدا)ەوە
جوانتر بووم
رۆژەکانم
بەشەوەکانم گرێ دەدەم
ئەوەی لە بیرم مابێت
چلەی دستان بوو کە لێمان قەوما
دوو مێینەم بەپشتی خۆم دادا
لە رۆژاوای هەولێر
دایکەکەیانم تەسلیم بەخاک کردەوە و وتم:
– سوپاس، ئەوەتا ئەمانەتەکەت
***

لەو دیو شووشەبەندی پەنجەرە هەواییەکەوە
جووتێ کوکوختیی گرینۆک
لەگەڵ دەسرێژی براکانا
لەگەڵ هێرشی ئامۆزاکانا... دەیان ناڵاند
پێش ئەوەی ژنەکەم بمرێ
لە بن تارمەکە
پشیلەیەکی تووکن، خەپانتر لە کیژە بچووکەکەم
پاشماوەی سەندەویچی کیژە گەورەکەمی دەخوارد
تفف... ئەی شەڕ
لەگەڵ هەر جەولەیەکدا کتێبێک بزر دەکەم
پێش ئەوەی ژنەکەم بمرێ
منداڵە رووتەکانی بەردەم مەکتەبەکە
پنجە گیا کورتەکانی دەم گۆماوەکە
ژنە بێ مورادەکانی موجەمەعەکە...
ئەوانەم دەبینی
کە نیازم بوو بیانکەم بەرۆمانێک و
تیایدا فاشیل بووم
جوان بوون
ژنەکەم و دایانا و دالیدا و کوکوختی و پشیلە
هەر هەموویان جوان بوون
***

شەوێکیان
لەگەڵ یەکەم تۆپدا
مانگ بزر بوو، ئەستێرە سەری خۆی هەڵگرت
تا ئەم ساتەش
ئەگەر بیری هەردووکیان بکەم
تێر سەیری زیلان و کاڵێ دەکەم
تا ئەم ساتەش
هەر لە شوقەکەدا
لەو پەنایەی
کە بەتانییەکمان لەخۆ لوول دەدا و...
سەیری ئەنتۆنێللامان دەکرد
بەرامبەر عامووده چەماوەکە
کە لەبەر رۆشناییی گڵۆپە کزەکەیدا
باسی (حرمانات)مان دەکرد
لەوێوە تفف ئەی شەڕ
لەگەڵ هەر جەولەیەکدا کتێبێک بزر دەکەم

* تێبینی: ناونیشانی شیعرەکە دێرە شیعرێکی ئێلوارە.

# گەردۆز

دونیا کۆتاییی نەهات
هەڵدێر شەو کوژە
ئەی شەپۆلە گەورەکان راپێچمان دەن
ژنی گەڕۆک، پیاوی چەقیو زوو بن
تاوێکی تر خۆر هەڵدێت
سەربووردەی سووتانی شیعر
بۆ شاری چیرۆک و رۆمان دەگێڕێتەوە
-من-م داستانی شێلانی رەشەگیا
دەنووسمەوە
چاوقوچانێکە... مردن یا شیعر
خاتوونێک

پووش و پەرێز دەسووتێنێ
شووشە و مینای پەنجەران
خوناوباران دەکا
خاتوونێک
خەوی لێ دەهەڕمێ
وەستانێک دەبەخشێتە ئەو ساتانەی
کە وەستانیان پیرۆزتری کردوون
گەشت بوو
چەشنی سۆتەکی جگەرەی لالێوی...
کابرایەکی ئاشقەبارانی کۆتاییی هات
بووە خۆڵەمێش
تینوێتی، دابڕین، نازی چیای رووتەن
تاشەبەردی کلۆر، ژنی پیاوانی، پیاوی ژنانی
کامیان؟
زیخماڵ و ووردەبەرد دابەزین
شارێیەکان شۆرانەوە
کێ ماوە
کێ زیندووە، کێ مردووە

ژنە دارەکەرەکان بە خامۆشی تێ پەڕین
ئەوە کامیانە؟
گۆڕی سەر دنیامە
یا هۆدە بەرەژوو سواخدراوەکەیە
کوڕێک
ژنێک
کیژێک
پیاوێک جیابوونەوە
شەوێکی سارد بیرم کردن
دڵۆپی ئەسرینی سوێرم
رژاندە سەربانی هۆدەکە
لەو گۆماوە ئاو نامبا
بەفریشتان پێ دەکەنم
سێبەر قووڵە، زەمین ئاوەڕووت
بەتاوانی ئەوپەڕی لەزەت لە دار دەدرێین
خۆشە بەگوللەی گەرمەوە بناڵی
لەم چەرخە کێم تێزاوەدا
کێ داڵدەم دەدا

ئیسماعیل بەرزنجی (٢)

ئەی خەمی گچکە
چۆن لە نێوان ئازاری تۆ و
ژنە بچووکەکەدا ڕەوت بکەم
دارمازوو جێم بکەوە
لە ژێر پنجەگیا سرِە لێدراوەکانی...
ژێر پێتدا دەنووم
بممژە
هەتا دەبمەوە ئاو
جێماو
لەگەڵ تارمایی و لەزەتدا دەڕژم
تۆ
کوێستان و فێنکایی
گەرمەسێر و بیابان
مەزنیت
چاوت بەخەوە.. کەسکە
بخزێ
بۆ ناو کارەساتی مانەوە
تۆ خوشکە ناوەنجییەکەم نیت؟
***

دووبارە... دەبارە
هێزێک دەمبێژێ
فڕێم دەداتە ناو گەرووی
ئەشق و تەرم و سەرسامی
ئەو شەوانەی لەگەڵ پەڵەهەوران
شەو لەوەڕم کرد
ترسێکی خۆش و تاریکاییەکی بەلەزەت بوو
کوڕە داڕووخاوەکەشم بینی
بەرەبەیان
بەناو تەمێکی خەستی سپیدا
رەت دەبوو
بۆ وەرد و پاوان و پەرێز دەگریا
وا کاریلە و دایک تێک بەربوون
تێک خزان و تێک بەربوونی شتەکان
دەمژینێ

دەڕوانمە بەژنی ئەو شۆڕەبییەی
بەتاقی تەنێ
لە دووری گوندی
سەری کردووەتە سەر تاشەبەردێ
گەڵاکانی
وەک تووکی سەرم
دە
وە
ر
ێ
ن
***

لەگەڵ بوونما
دەریا کەوتە دوان
– ئەو ئافرەتەی تەنیا و نەزۆکە، لە لێواریّ جگەرە دەکێشێ.
– ئەو نووسەرەی لە ناو پاپۆڕێکی بازرگانیدا خزمەتکارە.
وا گەییمە سێبەری خۆم
بۆ ئەوەی مێژوو راچڵەکێ، دەیگێڕمەوە
(ئاسۆس)
لەسەر پەڵی هەموو ساڵێکدا
لە گوندێکی نزیکە شار
سەیری قەڵا و منارەی دەکرد
چەندان ئەستێرەم ماچ کرد
ئێستا هەست دەکەم هەم
کاتێ خۆی ئەوەندەم رامبۆ خوێندەوە
تا تۆ هاتی
من و دونیات بەیەکەوە خوێندەوە
ژنە دراوسێکەمان
دەم دەخاتە نێو دەمی هەتیوەکەی

فرمێسکەکانی
پێش ئەوەی بکەونە خوارەوە
ماچێکی گەرمی چاوەکانی دەکەن
دایکێ بمخە وێنە
لەتاریکترین کونجی دڵتا
بەدوای ئەو- ئیقاع-ەدا دەگەڕێم
کە بمخاتە هەڵەکە سەما
بسووتێ
خۆڵەمێشی جەستەت چێژە
ماچم کە
بەسەر گیانی لەخۆ بوردووی گرداندا
بمگێڕە
چەندم خۆش دەویستن
ئەو چرکانەی برووسکە بوون
لە هەناومیان دەدا
ئەو ژنانەی رەشئەسمەر بوون
سمتیان خڕبوو
چاویان مۆن بوو

ئەو شێتە زۆری جگەرە دەکێشا
وابووین بە- یەک- تێم هەڵدەن
جادەیێ هەیە، بمقۆزێتەوە
هات
وەک ئەو جوانە پڕ مێییناتییەی
بەدیل دەگیرێ
وەک ئەو زێیە دوورەی
لە گوندێکی دووردا
مەلەی تێدا دەکەین
***

وتیان دایکت مرد
بەماتییەکەوە
سەیری حەشاماتەکەی کرد
باران
کۆڵێ خەمی تری بۆ هێنا
کیژە، خزایە ناو چەمەکە
با نەترسێت، من دووڕیان
کیژە چەم
کامەیان خامۆشترە
ئەو لاپاڵەی کە بەفر نایگرێتەوە
یان گۆڕەکەت
با بکوڵێین
لە رۆژێکی رووحسوکی ئاداردا
قیرۆسیاش لە گەردوون
دیسان روانینە، توانەوەیە
بەفر و باران پێ شوونمی هەڵگرتووە
وەک مردنی نێو ژیانم
دیسان شەقاوی لەرزۆکاوی
رووەو کەوڕ و نزاری تەماوی
دەهاوێم

ئەی مردنی پڕ خۆشی کەی دێی
شتەکان
کەمێک غەریبتر لە روانینەکانی ئەوسام
دێنە نێو ناخمەوە
لێرانەدا مەزنتر، نەک نازدارتر
لە چێشتەنگاوان رادەمێنم
هاو ئازارن
وشکبوونەوە لێرانە
تەڕبوونەوە لەوێ
ژیان، مردن وێک دەچن
ئەی خواوەندی گەورە
با لەیەک بچین
گیانم باوێژە
دوو جەستەی تواوە و تێکئالاو
بەسەریا هەڵدەگەڕێن

لەگەڵ برای جوانی پەرستما
ئێوارەیەک دەسووتێین
چرکەیێ بەر لەوەی
یەگجاری بچمە ناو هیچەوە
چاوەکانم
لە جیاتی دایکم، خوشکم
دەزگیرانم
ژنێکی لادەر، یان شێتێکی سەرجادە
ماچیان دەکات
زۆران، وەکو جاران
چاوەڕوانی هەڵپەڕینە شێتانییەکەم
دەکەم
دەشبینم
خەونە یان وەئاگام

پاش ئەوەی رۆژ
لەسەر دوندی شاخەکە وەستا
کڕنووشی برد
خۆی بەم چۆلەوانییە ناسند
دۆمەکان
دوای ماندووبوونێکی بێ ئاکام
لای من نیوە ڕۆژەیان کرد
قەوماوە
ماتییە
خامۆشییە
یا میهرەبانیی یەزدانە
بەم ناوەختە
بەسەر لاشان و لاملی ئەم هەرێمەدا
پەرت بووە
دۆستە، دوژمنە
سۆزێکی مەزن، رقێکی ئەستوور
دەخاتە دڵمەوە
ناترسم، تەمەنم خۆڵەمێشە
پێشی خەوتنان

ژنێک بەسەر سپیاتیدا دەیڕشێنێ
کێ بەشداری ئەم حاڵەتەم دەکا
بەفر، لە خۆی سپیتر
گەرمتر، بمانتەخشێنێ
بسووتێین
بڕەنجێین
ماتییە
خامۆشییە
دۆستە
دوژمنە
یەزدانە
سۆزە
ژنە
رقە
عەشقە
یان نیو پێکی هەڵبزڕکاوە
نۆشی دەکەم

ئەمڕۆ پێنجشەممەیە
زیاد لە جاران غەریبیم هەڵدەسێ
تەیر و توار
بەلای کۆنە هەواران تێ دەپەڕن
–پانەسەر–
شاخە هاودەمەکەی جارانم
دوور دوور
لە ناو تەمێکی ڕووندا دیارە
بۆنی عەردی گەرم دەکەم
بوومە هەوری گرمۆڵەبووی قەد چیا
پێیوە ڕاهاتووین، لێکتر نەبینەوە
تا گەردۆزێکی تر خوات لەگەڵ

# من هەمیشە لەوێوە دێم

(بۆ سامال، کە شەش ساڵ و شەش مانگ کۆی کردمەوە و لە
هیکراش پەرش و بڵاوی کردمەوە)

ژن و پیاوێکی چاخی بەردین بووین
بەگژوگیا عەورەتی خۆمان دادەپۆشی
لە بنیادەمی ئەشکەوتەکەی تەنیشتمان دەترساین
لە شەڕێک سەردەکەوتین و
لە چواران دەماندۆراند
حەسرەتمان دەکرۆشت و
بێزاریمان هەڵدەمژی
لە ناکاو
بەکۆڵێک یەئسی وجودییانەوە

تێک دەئاڵاین
تێک دەئاڵاین و بەهەناسەی...
هەمیشە سارد و گەرمەوە
کوللەیەکی خۆڵەمێشیمان
بۆ (زیلان و کاڵی) دروست دەکرد
***
دەبووایە
هەر چوار فەسڵ
لە تەقسێکی گریاناویدا خۆمان بنێژین
هاوینمان بەپایز و
زستانمان بە بەهار دەسپارد
لە کۆتاییدا
بۆ جوانەمەرگیی خۆمان دەگریاین و
سیروانێکمان لە فرمێسک دروست دەکرد
***

نازانم
نەئێوارەیەکی ساردی کانوونی یەکەم بوو
نەعەسرێکی درەنگی حوزەیران بوو
نەجومعەیەکی پڕ لەپەستی و بێزاری بوو
نە سێشەممەیەکی نەگریس بوو
پێیوتم:
– چەند بەمێرسۆیە غەریبەکەی کامۆ دەچی!
***
لەحەوشەکەدا
دووجار کراسی سپی لەبەرکرد
جارێکیان بۆ من و
ئەویتریش بۆ قەبر
***

لە شوقەی ژمارە- ج١٢-ەوە
کە بەردەوام چاوی گەشی رۆژ و
دڵە لاواز و پڕ ئەڤینەکەی مانگمان لێوە دیار بوو
دوو بالیفی سەر سیسەمەکەمان
یەکیان شیعر و
ئەویتریان رۆمان بوو
لەو گوندانەی
کە ئەزموونە فەشەلەکانی خۆمان
تیا دەشاردەوە
لە تەبەشی ئەو کوڕە قۆزانەی
یا شەهیدن، یا لە مەنفان
من هەمیشە لەوێوە دێم
لەوێ
وەک کوڕە قەرەجێکی کاکۆڵ قوت
لەسەر جەستە لاوازەکەی
زۆربایانە سەمام دەکرد و
ئاوی بەسەرا دەڕژاندم

من هەميشە لەوێوە دێم
لەوێ فێری ئەوە بووین
چۆن (سەد ساڵ لە دوورە پەرێزی) بژین و
لە چەرخی خۆكوژی و تاعووندا
یەكترمان خۆش بوێت
لەوێ هەندێ سپێدە
وەک گریگۆری سامسا مەسخ دەبووین و
ئێوارە
لە پاكژگەكەی دانتیدا
خاوێن دەبووینەوە
من
هەميشە لەوێوە دێم

# لە دەروازەی
# قەبرستانی مەعمەل قیڕدا

(بەیادی سامالّ، پێشکەشە بە عەبەسیترین برادەرم
باوەزیر عەبدوڵلا...)

دیسان منم
لە من زیاتر
کێ حەنین دەیکوژێت و
ڕۆحی گەرمی دەخاتە بەر بایەکی سارد
منم
بە ئەسپایی دێم
زێوانەکە بەخەبەر دێنم
بەزمانی گوڵ پێی دەڵێم:
(دێمکە ئاوەکە بێنە، با بچین گوڵە ماتەکانی سەرسینگی جوانەمەرگ

ئاو بدەین، با تۆز و خۆڵی سەر دەموچاوی یەنگی دنیا بشۆینەوە).
وادێم
بەشەقاوی لەرزۆکاوی
رووەو چێورمەکەت هەنگاو دەنێم
نەخۆڵ
نە بەرد
نەپنجەگیای سەر دڵت
هیچیان وەئاگاناهێنم
بەماتی دەست لە کێلەکان وەردێنم
بە ناڵەیەکی حەزین دەچرپێنمە گوێت:
– کوا مەقاماتی راکشان؟
– کوا جگەرەکێشانی پێش چوونە ناو جێگا؟
– کوا رۆمانی (مرحبا أيها الحزن)؟
– کوا لەعابەکانی زیلان؟
– کوا فاتوورەی ئاو و کارەبا؟
– کوا کاسێتی (القلب يعشق كل جميل)؟
– کوا پاکەتی سۆمەری بولگاری؟
– کوا بالیفە گەورەکەمان؟
– کوا بەتانییە دوو نەفەرییەکە؟
– کوا ئەو مەنجەڵەی تایبەت بوو بەیاپراخی گەڵامێو؟
– کوا ئەو کۆستمەی تەنیا پایزان لەبەرت دەکرد؟
– کوا شەرابی سینزانۆ؟

***

وا دێم
نازانم دەمناسیتەوە یان نا؟
ئێستا سەرم کوێستانی بەمۆیە و
تێی ئالاوە تەم
ئێستا تەبەشم
تژییە لە قۆرت و چاڵ
ئێستا دوو چاوە قاوەییەکەم
کز و کەم حوکمن
ئێستا سیخە سیخی سینگم
رۆژە رێیەک دەڕوات
بەڵام
هەمان سەرخۆش و حەشاشەکەی جارانم
دەگوێم لێ بگرە
تا بەو پەڕی حوزنەوە پێت بڵێم:
- رەشنووسی رۆمانەکەم چی بەسەرهات؟
- پانتۆڵە قەدیفە زەیتوونییەکەم چی بەسەرهات؟
- چەرخە ئیتاڵییە ستیلەکەم چی بەسەرهات؟
- رانکۆ چۆخە مەرەزیەکەم چی بەسەرهات؟
- ئەو رەسمەی لەگەڵ جەلیل قەیسیدا گرتبووم چی بەسەرهات؟
- ئەلبوومی رۆژی شەکراو چی بەسەرهات؟
- بەدلەکەی عید میلادی کاڵێ چی بەسەرهات؟
- رادیۆ هەشت مەوجەکەم چی بەسەرهات؟

***

هەست دەکەم
کۆترە باریکەیەک
لە سەرشانی راستەم دەنیشێتەوە
دەزانم
ئەمە رۆحیانەتە شەکەتەکەی تۆیە
بەگمەیەکی پڕ لە بێزاری پێم دەڵێ:
– یەکەم چرپەی عەشقەکەت لە کوێیە؟
– ژمارەی یەکەم تەلەفۆنت لە کوێیە؟
– یەکەم نامەی کە بۆت نووسیم لە کوێیە؟
– یەکەم ئۆتێل کە روومان تێ کرد لە کوێیە؟
– یەکەم جێ ژوانمان لە کوێیە؟
لەپڕ دەفڕێ و دەروازەی قەبرستانم بە باڵەشکاوەکانت لێ دەگری و
بەتووڕەیی پێم دەڵێی:
– ئەی پیاو ئەی دڕندەی تێرنەخۆر
– ئەی دەعبای مشەخۆر
– ئەی گەورەترین درۆزنی مێژوو
– ئەی ساختەچی، ئەی کارخانەچی
– تۆ کە ئێستا لە باوەشی ژنێکی دیکە دای
– تۆ کە ئێستا بۆنی هەناسەیەکی دیکە دەکەی
– بۆ لێم ناگەڕێی بە ئاسوودەیی بنووم
– بۆلێم ناگەڕێی چێژ لە مردن ببینم، هەی تف لە ژیان

# دەخیلت بم مەحموود زامدار

چ حەرفی پڕ بەرەکەت هەبوون
کۆچ و کۆچباریان تێک نا و
لە هەواری تۆدا
منیان بە تەنیاییەکی کوشندە سپارد
تەنیاییەک
بەس خوا باسی بکات
من یەکێک بووم لەو بەدبەختانەی
دەبوایە
لە ساباتی خەراباتی تۆوە
تەشکەبەرێک رابخەم و
قەرەج ئاسا

ڕوو لە تاریکی بکەم
سازێکی غەمگین
یەگجار پڕ لە حەسرەت بژەنم
***
نازانم لە بیرتە یان نا
سەر پایزێک
تۆ لە پێشەوەی ماشێنەکە
من و گوڵە باخیش لە دواوە
ئەو ڕۆژە بەمنیان دەوت (زاوا)
دوای شەش ساڵ و شەش مانگ
دیسان تۆ لە پێشەوە
بەڵام ئەمجارەیان
بەگوڵەباخیان وت (جوانەمەرگ) و
بەمنیشیان وت (ماڵوێران)
***

تۆ بڵێی
من ئەوەندە حەرامزادە بم
(یەکەم پێک)م بیرچووبێتەوە؟
تۆ بڵێی
ئەوەندە زەین کوێربم
(یەکەم شیعر)م بیرچووبێتەوە؟
تۆ بڵێی
ئەوەندە دڵڕەق بم
(یەکەم فرمێسک)م بیر چووبێتەوە؟
تۆ بڵێی
ئەوەندە نەخوێندەواربم
(یەکەم حەرف)م بیرچووبێتەوە؟
تۆ بڵێی
ئەوەندە ترسنۆک بم
(یەکەم شەڕ)م بیرچووبێتەوە؟
تۆ بڵێی
ئەوەندە پۆشتە بم
(یەکەم پینە)م بیرچووبێتەوە؟
دەخیلت بم مەحموود زامدار

***

نازانم
شەو بوو یا رۆژ
هێشتا شکڵی قەڵپی دۆلارم نەبینیبوو
نەمدەزانی بۆرسە مانای چییە
نەچووبوومە پرسگەی هیچ بەرپرسێک
تاکە یەک موکافەئەم وەرنەگرتبوو
تاکە بەخششێک
کە پێت بەخشیم قاپی عەرەق بوو
دەخیلت بم مەحموود زامدار
***
ئێستاش
مەحاڵە من و تۆ فێری کۆمپیوتەر بین
بزانین سەیارە باژۆین
دەفتەری چەک ئیمزا بکەین
ئیمێل بکەین، بچینە ناو ماڵپەڕەوە
من و تۆ
تاکە سەلوامان کتێبی رەنگ زەردە
دەخیلت بم مەحموود زامدار
***

ئەگەر مردی
لە بارێکدا بمرە
تا هەر بەمەی بتشۆم
ئەگەر مردی
لە کوێستانێکدا بمرە
تاکفنێکت لە بەفر بۆ بدرووم
ئەگەر مردی
منیش لەگەڵ خۆت بەرە
تا (خوایە جوانەکە) ببینم
دەخیلت بم مەحموود زامدار

# رۆژێک لە هەموو رۆژەکان سەخیفتر

سەعات ١٢ی نیوەڕۆیە
بووزاوێکی خڵتاویی ژەنگاوی فڕێ دەکەم
تەشتە ئاوێکی شەوی بەخۆمدا دەکەم
بە ئارەقەی لاملم و هەنیەی ژنەکەم
دەزانم گەرما لە ٤٠ پلەی تێ پەڕاندووە
لەتێکی گچکەی ئاسمان
لەباڵەکۆنەکەوە دەبینم
هەر لە پاشماوەی دەشتاییەکی دوای تۆپباران دەچێ
***

سەعات ٢ی پاش نیوەڕۆیە
گەرما
هەر دەڵێیی مەرگە
هەر دەڵێی سەدامە
هەر دەڵێی بازرگانی شەڕی ناوخۆیە
هەر دەڵێی سەلەفییەکی دەمامکدارە
لە چوار لاوە
خڵتانی ئارەقەیەکی رەش و شینم دەکات
***

میلی رادیۆکە
لەسەر ئێستگەی حیزبێکی عاجباتییە
بێژەرەکە
باسی پاقلە، نرخی دۆلار، شەربەتی تەمەرهیندی، سەردانی حیزبە
تورکمانییەکان، حەمانی ژنان، سوودەکانی ورچی قوتبی، پاڵتۆی
ئەتاتورک، کردنەوەی دوو مزگەوت، کەباب و قۆزی دەکات.
لەم وەحشەتەدا
لەم ئابە سووتێنەرەدا
هەر دەڵێی میوانم
میوانێکی رەزا قورسی ناوەختی گەرما لە رۆح نیشتوو
لەودیو کونەکەی ئۆزۆنەوە هاتووم
هەر دەڵێی دەروێشم
دەروێشێکی رووتەڵەی هەڵقرچاوی ئاگر لە هەناو چەقیو
هەر دەڵێی نابینام
نابینایەکی زەینکوێری لە هەرێمی فێنکایی یاخی بوو
***
ئەم (ژیان)ە یەک رۆژ بوو
رۆژێک لە هەموو رۆژەکان سەخیفتر

# رۆژباش

## ئەی برادەرە پیرۆز و جوانەکەم

شەو
کەوتبووە پرخەی خەوێکی ئەبەدییەوە
کە من
بە باڵای زراڤی سنەوبەرێکی سەرخۆشدا هەڵگەڕام
گەردوون
دەقێکی فەلسەفیی داخراو بوو
ئەی گەردوون
تەلیسمی هەمیشە سەرمۆر
– کێ بۆ یەکجار لە گۆڕستان نێژرا؟
– کێ پێکەنینی لە گریان مارە کرد؟

- یەکەم پیاوکوژ کێ بوو؟
- کێ بۆ یەکەم درۆ راستیی سەربڕی؟
- دوا شەهید گۆڕەکەی لە کوێیە؟
ئەی گەردوون
لەم پرسیار کردنە نەجاتم دە و
بمکە بە پرسیار
تا بەرووی سەرسامییەکانی خۆمدا بتەقمەوە
***

لەوێ
من هەمیشە لەوێوە دێم
وەک سیڤای خواوەند
تەرمی ژنە مردووەکەم
حەوت جار بەدەوری جیهاندا دەسووڕێنمەوە
لەوێ
کە عەشق دەگاتە رادەی خۆڵەمێش
لە بوولێلێکدا
ژنێک
یاغر یاغر دەچێتە سەر گۆڕستان
دوای ئاودانی زەیتوونەکان
مەگیرانی بەیەنگی دنیاوە دەکات
دوور لە ژنەکە
دوور لە گۆڕستان
دوو حەیوانە کێوی
لە ئۆرگازمێکدا دەبنە پەیکەر
***

ئیسماعیل بەرزنجی (٤)

هەر لەوێ
من هەر لەوێوە دێم
دوای فڕینی رۆحی جوانەمەرگان
دوای قەتیسمانی ئەسرینەکانی مانگ
دوای مرواری بارانی ئەستێرەکان
دوای شەق بردنی گیانی تاشەبەردەکان
کچێک
کەشخە کەشخە
خۆی لە زیواوی سپێدە وەر دەدات
لە هیکڕا
زریزەی لەترەزی شەبەق دەترازێنێ
ئۆف خودایە
ئەوە چییە من دەیبینم

# تیاترۆ

(سوسو بەکراسێکی کۆیستانان خاڵخاڵی لە ئاو هەڵکێشراوی مەیلەو کزرەوە بوو دەیویست شەماڵ هەڵمژێ و گەردانەیەک شەونم دروست بکات، نازانم سوسو بوو یان ژنێکی لادەر بوو کە زیاتر لە شۆڕەبییەکی لاتەریک دەچوو ئێوارانێک کۆترە کێویلکەیەک بلاوێنێتەوە، ئەو مەخلووقە گریمان ناوی سوسو بوو بەکۆمەڵێک کەسەری کەسیرەوە بوو کەمەربەندی ترازاند و وەک بووکێکی زیز خۆی نواند).

بڵێ:

– ئەوە قیامەت هات، من بەگوناهە ئاڵ و واڵاکانمەوە، بەگوناهە پڕ لە بێگوناهی و تاوانەکانمەوە لە دەروازەی دۆزەخ چاوەڕێت دەکەم.

جا ئەوسا پێت دەڵێم:

– مێینە بەوە سەروەرە کە سەری بخاتە سەر سەرینی سەروا و لەناو سەرابی نێرینەدا سەرخەوێک بشکێنێ و ئینجا بەماتی بمەیێ.
بڵێ:
– جەستەی من هەر لە جەستەی یاریزانێکی ئەکرۆباتێک دەکا، بەگەمژەیی و ئەوپەڕی هۆشەوە تەقڵە بەزاتی شێواوم لێ دەدەم
هەر ئەو ساتە پێت دەڵێم:
– نێرینە بەوە جاویدانە چ گۆمی گوناه هەیە بەگەمە گەمەی لەناو بکات تا دەبێتە گەمێیەکی پڕ لە گێژەن و لەناو گەردووندا بزر دەبێ.
پێم بڵێ:
– کەی ئەو دەقە قورسە هەڵدەوەشێتەوە تا پەیڤەکانی بخەمە ناو یادەوەریم و لەگەڵ مەبدەئمدا بیاننێژم.
پێت دەڵێم:
– ئەی مەحاڵ، برینێکی تر بخەرە جەستەی ئەم هێورییە، ئەڤین بوو ئەم شەڕە نەگریسەی هەڵگیرساند، ئەڤینی رق، ئەڤینی مەرگ، ئەڤینی مردن، ئەڤینی ژیان، جا ئەی مێژوو تف لە ناوت.
(لام وایە سوسو چەندان شەوی سەر بڕی تا کازیوەیەکی خۆڵەمێشیی خولّقاند، دەیان کازیوەی خنکاند تا چێشتەنگاوێکی تۆزاویی بینی، چێشتەنگاوی سووتاند تا نیوەڕۆیەکی پڕ لە حەسرەتی بینی، گڕی لە نیوەڕۆ بەردا و عەسرێکی نارنجی داهات، لەگەڵیا وردە وردە لەناو ئێوارەیەکدا نغرۆ بوو).

# حەنین دەمکوژی

گوڵەکان
دەبەمەوە شێخی چۆلی
لە ژوور سەری گۆڕغەریبەکە
بەرداخەکە پڕ دەکەم لە ڕەشەرەیحان
پێش زەردەپەڕ
تەقسێک بۆ گریان
تەقسێک بۆ ڕەشەرەیحان سازدەدەم
فریشتەیەکی باریکەلە
کە لە ڕەنگاڵەیەکی باڵشکاو دەکات
دێتە سەرشانی تەپ و تۆز لێ نیشتووم
سەربووردەی مردنێکی ڕانەگەیەنراوم...

بۆ دەگێرێتەوە و پێم دەڵێ:
– هەی غەریب خۆت... لە مردن خۆشتر مردنە
***
گوڵەکان
دەبەمەوە بەغدا
لە ژێر کالیپتۆسێکی رەبەنی حەدیقەی زەورادا
لە پایزی هەموو ساڵێک
سەمایەک بۆ کەف
باڵێیەک بۆ مژین... نمایش دەکەم
فریشتەیەکی باریکەلە
کە هەر لە تەوارێکی بریندار دەکات
لەسەر ناولەپی شەقاربووم هەڵدەنیشێ و پێم دەڵێ:
– لە مردن بەرزتر... مردنە
***

گوڵەکان
دەبەمەوە سلێمانی
لە بەردەم وێرانەکەی حەسیب ساڵحدا
دەیاندەم لە یەخەی کیژە گەرمیانییەکی قژلوول
لە ژووری ژمارە -١٤٠-ەوە
فریشتەیەکی باریکەلە
کە لە مامزێکی زامدار دەکات
خۆی لە جەستەی سارد و سڕم هەڵدەسوێ و پێم دەڵێ:
- لە مردن جوانتر... مردنە
***
گوڵەکان
دەبەمەوە ورمێ
لە گۆلاوە خامۆشەکە
خۆم نغرۆ دەکەم
فریشتەیەکی باریکەلە
کە هەر لە ماسییەکی خنکاو دەکات
سەراو دەکەوێت و پێم دەڵێ:
- لە مردن پیرۆز تر... مردنە
***

گوڵەکان
نابەمەوە روسیا تا نەبنە مافیا
نابەمەوە سوید تا نەبنە خزمەتکار
نابەمەوە ئەڵمانیا تا فێرە نازییەت نەبن
نابەمەوە ئەمریکا تا نەبنە چەتە
نابەمەوە دانیمارک تا نەبنە پەنیرفرۆش
گوڵەکان
لەگەڵ خۆم دەنێژم

# پەست
## وەک ئێوارە نارنجییەکانی نیشتمان

وەتەن
بە هەموو غوربەت و بێزاریی خۆیەوە
وەک سەرکردەیەکی تێکشکاو
لەبەر دەرگای (گیانی وێران)مان دەوەستێ
گەردەلوولی پڕ بێزاری
بەچوار دەوری (گۆڕی غەریب)ماندا هەڵدەکات و
چرایەکی کز
لە (ژووری لاتەریک)مان دەکوژێتەوە
ئێمە هەمیشە
بە (گیانی وێران، گۆڕی غەریب، ژووری لاتەریک)

دەچینە ناو عەدەمەوە
شەڕگە لە دوای شەڕگە
بۆ کوڕەکانمان جێ دەهێڵێن
تەروادە بەدوای تەروادە
ئەسپەکانمان هەڕاج دەکەین
شەرەفنامە دەخەینە ژێر پێ و
دوای سەرجەم هەرەسەکان
مێژوو دەنێژین
حەسرەت موزیکە
سەرپایزان دەڕژێتە گیانمەوە
-گیان-م زەردتر لە پایز
هاوشان لەگەڵ جەستەمدا رادەکشێن
وەتەن وێران و داتەپیو
لە ژێریەوە
هەر مامزن گوانیان ئەتک
هەر گورگن دەمیان بەخوێن
خوێن
خوێن
خوێنی پێشمەرگە بۆ نیشتمانێکی سەقەت

خوێنی قاچاغچی بۆ دەفتەرێک دۆلار
خوێنی کوێر بۆ چاوێکی پڕ نەفەس
خوێنی نەزۆک بۆ مەلۆتکەیەکی گێڕ
خوێنی سیاسی بۆ بەندیخانەیەکی تر
ئێمەی لە خوێندا گەوزاو
خنکاو
چەند دەستووسێکمان لەبن بەردەکان شاردەوە
ونمان کردن
لەگەڵ ئاین و مێژووەکەمان ونمان کردن
ئینجا شەڕگەکان بۆر هەڵگەڕان
ژەنەراڵە دۆڕاوەکان
چوونەوە بن لێفەی عەشیقەکانیان و
نەفرەتیان لە تانج و ئەستێرەکان کرد
چ سەرەداوێکە بە دەستمانەوە
چ سێبەرێکە بەدوامانەوە
ئێمەی گومڕا
لە حەشری ناو جەنگەڵەکان سزا دراین و
لەکتێبە قاوەییەکان ناومان نووسرا
تا خۆمان دایە دەست تۆپەڵێک یادگار

یادگار... ئای یادگار
ئێمە کوڕی ئەو رۆژانەین
کە تەرمی شارەکانمان
لە باوەشی گوندەکاندا شاردەوە
بوون بەهەڵم
ئەو گۆماوانەی تەنیا جارێک ئاسمانمان تیا بینی
چوونەوە بن خاک
ئەو ژنە جوانانەی لە گوندە لاچەپەکاندا
سۆزیان پێ دەبەخشین
سروشت
چ سیحرێکی عومر کورت بوو
چ تەلیسمێکی داخراو بوو
شەوانی جۆزەردان
ژن و خوشکە ئاوسەکانمان
خۆیان دەدایە بەر بارانێکی ناوەخت
دووڕیانەکان
دووڕیانە تەماوی و شێدارەکان

لوولیان دەداین
بەشەوانی بێ مێیینە و
چەند چەتەیەکی چەپەڵیان دەسپاردین
لە زاری ئەشکەوت رادەماین و
دەمی گورگمان دەبەستا
جحێلیمان
لە ردێنە دڕکاوی و چڵکنەکانماندا
دەشاردەوە
بیرەوەرییەکانمان
لەسەر دیواری بەندیخانە و
سووچی بارەکاندا تۆمار دەکرد
دوای شەڕەکان
جوگرافیا سەقەت و مێژوو شێواو
ئەرێ بەڕاست کوا گۆڕەکانمان؟

# ئەوانە

دۆستە بە ئەمەکەکانی ئاو
ئەوانەی هەردەم لەگەڵ ئاگر تەبابوون
بەم سەرماوزە دێن
سەیری تەبەشی پایز ئاسا و
چاوی چاوەڕوانی و
دەستەپاچەییی روحمان دەکەن
ئەوانە
لە سەرکردە دۆڕاوەکانی شەڕ ناچن
لە خوێناوی جەستەمان خێوەت هەڵنادەن
هەرگیز پل بەزەنگی شەوەزەنگەوە نانێن
ئەوانە
کۆمەڵە هەوەسبازێکی پڕ سەلیقەن

بەکلی تریفە چاویان رشتووە
چەند تاڵێکی زێڕاوی خۆڕیان
لە مل ئاڵاندووە
ئەو دۆستە بە ئەمەکانە
لەسەر کەوڵی مامز
یاداشتیان تۆمار کردووە
لە شەوێکی دەیجوورا
دەفەکانیان شەهید بوون
بۆیە
فیغان و حەسرەت و یاهوویان
دەڕژێننە نێو شەیپووری کازیوە

# پرۆڤە

تارماییيەکەت
هەڵم ئاسا بەرزەفڕە
لە بەژنی ستاتیک زراڤترە
کیژی ناو ستۆدیۆ، گوایە خەونە
با لەگەڵ خەون تێک هەڵکێشرێن
شکۆمەندی لەم رووت بوونەوەیەدایە
ئاوەزی سادەی هونەرمەند
وەدیار کێشەی درێژخایەنی جوانی
دەستەوئەژنۆ ناوەستێ
هانا بۆ لەرینەوەی لاڕان و
داوەرانەوەی لەهیکڕا دەبات
دووبارە گەرم بەوە

تۆ موچڕکی
ئەی تارمایی لەبن نەهاتوو
نوێژی جوانی دادەبەستی
بەم سەر پایزە
خاپوورە ئەو کۆشکە بڵندەی
منی وێرانەگیان
لە نەویاتییەوە تێی دەڕوانم
چ خوایەکی میهرەبان بەتۆم دەبەستێتەوە
ئەی ئافرەتی بێداری و نەسرەوتن
بزێوی هەمیشە راکشاو

ئیسماعیل بەرزنجی (٥)

# هەوەس و بۆن

هەرِەتی شایلۆغانە
سروشت کانی بوو، زا
کانی کیژ بوو یان کیشوەری ئاڵۆز
سروشت ئەفسانەیە، ترس و ئاڵۆز
چیایە
ئێواران پۆستاڵ ئاسا دادەخرێ
مەمدۆزەوە
– سوار–م بێ شمشێر، کالان گۆڕستانمە
– شیر–م ژەنگە، کەڕوو
لە شەوێدا نابریسکێم
– قەڵغان–م لە بنی خەرەندە
ئەو دەربەندە

تەنها ئەفسانە ناودێری دەکا
– تا درێژ...
کام شاعیر سەیری راکشانی رۆخ ئا و
بالێی برۆی دەکا
ئاو دەربوون
کانی زان
هەڵۆ نەوی دەفڕن
چیتر ناز بە ئاسمانەوە ناکەن
ئەو پەنایە، تاریک... لاچەپ
لێرانەدا
خۆ دەدەمە بەر خۆری بۆندار و هەمیشە شێت
خۆر سووتاوە و سەرخۆش
زەوی ژنێکی نەزۆک
ئاسمان دەریالووشی هەمیشە گێژ
ئەسکەندەر تیایدا سوڕخواردوو

خوشکم بوو
پفی لە پشکۆی رەنگ تێدا نەماو کرد
دڵی ئاوەڵا کرد
دڵە و ئاوێنەی دڵ
هاتن
بەسەر خاکا داباریین
هەور، ئەی هاودەمی شاخی رووتەن
بینیت یان نا؟
(پەرێ) حەزی لە گەڵامێو بوو
خۆی بە پەرژانی رەزەکەوە نووساند بوو
(خەمێ)ی ناو لانک
بۆ فریشتەکان دەتریقایەوە
سەگی بە ئەمەک بێ دەرەتان
بێ سۆزی پەرێ بێ چینکە نان
رێگاکان
بنیادەم ئاسا نووستن

بینین کوێراییی داهات
با ماچ کەین
ئەو چاوانەی بۆندارن
ئەو نزارە بەختیارە هارە
کابرای ئاگرین ئەمەکدارە
بێزری نایێ
جڵەوی هۆش بەرەڵڵاکا
رێیە یا گلۆرەی با
من و سروشت هیچمان لە هیچ
ئەوە خۆر بوو یا دڵی خواوەند
لەناوەختێکدا ئاسمانی جێ هێشت
زەمین لە بەرایێ تەنیاتر

# پیرەکان

(تەم دەبووە گلۆر بەن، شاخ گڕێ دەدران، چیا شەوان تەعبیر لە هەمیشەیی دەکەن، خۆیان ئەمانەتی پیرەکان دەدەن، پیرەکان نانوون، دڵیان بە ئاگر دەسپێرن، ئاگر چاوێکی لە ئا و چاوێکی لەم زیندووستانە، زیندووستان سنووری نێوان دەنگ و رەنگ).

دەشتایی
ئەشقی سێ رووبارە
هەر شەوە و یەکێکیان هەڵدەمژێ
رووباری یەکەم: سوور
سوور
سوور
(پیرمەم)
ئەو دەشتاییە بەخوێن ناودێر دەکا

(تەم دەبووە دەنگ، دەنگ دادەبارییە سەر دوند، دوند دەکەوتنە هەلەکەسەما، بانگی شایلۆغانی (هەتا مردن بەرەو بەرزاییيان رادەهێشت، کێشەکە قووڵتر دەبووەوە).
بەفر
ئەشقی سێ چیایانە
هەر شەوە و پەردەیەک
چیای یەکەم: خەم
خەم
خەم
(پیرمە گردن)
ئەم بەفرە بە قوربانی ناودێر دەکا
(تەم لەگەڵ هەنگاوی ژنان هاوتەریبە، دەیانباتە ناو ئاو، لەنێو ئاڵۆزییاندا چەندین لەزەت و نهێنێ دەچێنێ، ئەفسانەی گەوزین و هاوتەریبی دەخولقێنێ).
زێ
ئەشقی سێ دووڕیانە
هەر شەوە و هەناوی یەکێکیان
دووڕیانی یەکەم: ئەڤین
ئەڤین
ئەڤین

(پیر سێودین)
ئەو زێیە بە بادینان ناودێر دەکا
(چیا قفڵ دران، بنار لە چۆلەوانی مارەی برِا، ئەو دیوە خۆڵە و دۆ، ئەو دیوە بایەقووش و سروودی بێزاری و بێداری، پیرەکان هەر بەخەبەرن، بەبیریان دێ کە دایە و بابە لە بەهەشت دەرکران، پیرەکان تاڵە زێرِەکانی رۆژگاریان هۆنیەوە، بەدۆزەخ ئاشنا بوون، ئاگریان دزی).
بازن
ئەشقی سێ زەندە
زەندی یەکەم: تیشک
تیشک
تیشک
(پیرخەل)
ئەو بازنە بەزێرِی رەش ناودێر دەکا
(تەم بووە بۆن، کێشەیە و ئاڵۆز، بیست سەدە، بیست دەقی فەلسەفیی داخراو، بیست خەرەندی پرِ لە ناکامی و مەرگ و بێهوودەیی، پیرەکان هەر بەخەبەرن، کە پیرەکان نووستن گوێ لە نەفخی سوور دەگرین).

# نەهەنگ و لەرز

لەم وەحشەتەدا
هەڵقەی زیکری تێک دەشکاند
لەنێو جواناوی (بینایی چاوان)دا
خۆی دیتەوە
هەور لوولی دا
تەم پێچایەوە
ئاگر شێلای
برادەرەکەم
هۆ جگەرەکێشە هەناسە گەرمەکە
مرواریيەکان مەڕێژە
با هەر لەبن ئەو گێژەنەدا خول بخۆن
ئەو پەنجە درێژەم تەڕ مەکە

قەڵەکەم گرینۆکە
دەترسێم بمخاتەوە باوەشی رۆمانسییەت
مرواریییەکان مەڕێژە
باران بوو
پرچی تێک قژقژاویی شەوی شووشتەوە
ئاو
چەند بەلەنگاز دادەچۆڕێ
دەڵێی برادەرە ئەبەدییەکەمە و
رووناکی بەخۆیدا دەدا
قیامەت لە نێو سەرم
بای فێنک، ئاوی بەلەنگاز بمبەخشن
با، هەر دەلوورێنێ
شیلاوی ترس
بە گەرووی ئەم دەڤەرە وەردەکات
-من-ی ماتی نێوان ئاوەز و هەست
با هەر گڤەی دێ و
ئاگری پیرۆز لە جاران گەشترە
ئاگردز هەمیشە عەوداڵ
کۆڕی زیکر گەرمە
با لەم- حاڵ-ەدا بتوێینەوە
هەر بزانە زەمەن وەستا و
لە- نوور- بێبەش بووین

# خۆماندوو کردن

سەفەرێکی لەو بەردە بێدەنگترم لە پێشە
ئەو بەردە
لە حەژمەتان فێرە زۆر گۆتن بوو
-ژن- سواری ئەسپی گەرمابوو، گلا
خۆی لە قوچەکی ئاگردا
لە سەردەمی بێ هۆشیدا
تەلەسمی نێوان بەرد و گەرمەبا
هاتە دونیایێ
وەرزێکە
لەگەڵ کۆچی ناوەختی من وشە و
بە ناتەبایی، هەموومان
ئاگر

بەرد
گەرمەبا
چەندین شارۆچکە و گوندی لاچەپ و
گۆڕستانی پڕ لە مرۆی زیندوو
پێک دەناسێنین
دەنێو ئەم زیندووستانەدا
هەموومان بە تەبایی یەک دەگرینەوە
تاوێکی تر
شایلۆغانی لەمەچێتران
چەندین هرسە مێ بەو ناوە وەردەکا
گرد و نزار دێننە هەژان
تەلیسم بدوێ:
(لە رۆژانی خورتی و کوڕێنیی چەند ئەسپەژنی گەورەم لە خەرەندان هاویشتووە، قاچم خستەسەر شینک و زیخمار، قژی زەوی و ئاسمانم داهێنا، بۆیە زەوی خواوەندە و ئاسمانیش مێینەیە).

تەلیسم بدوێ:
(دڵۆپە خوێنێ دەڕژێنمە سەر ئەم ڕەنووە بەفرە، لە ڕۆژانی موچڕک و شەختە پێستی ژنان ئاوزیو دەکەم).
ئەم دەوروبەرە
بۆنی گەوزین و ئاخ هەڵکێشانی گەورەی لێ دێ
ئەی ژنی ئاوزیو کراو، فریشتەی بەخشندە
هەموو دنیا
لەناو تەلیسمدا مەیی
تەلیسم مەدوێ
بەڵکو گیانم هەر لە ناوەوەمدا جێگیر دەبێ
تۆش هەر بە مەزنی و نەشکاوی دەمێنێتەوە

# لیمۆی شیرازی

(بەهاوبەشی لەگەڵ کەریم دەشتی)

ئێمەی هەمیشە ئاشقە سروشت
خۆ دەبێت لە پەنا تاوێرێکدا ئاوزینگ بدەین و
زەنوێرێک تەڵقینمان بدات و
ئەو پەرێز و وەردانە بکەین بە کفن و
بەو خاکە بڵێین
ئێوارەت باشە دایە گەورە
ئەی دایە گەورە
گەورە
گەورە
کە تۆ ئێمەت کرد بە شعوور
ئێمەت کرد بەتۆپەڵێ لێکدانەوە

ئێمەت کرد بە ڕەونەقێ لە ئەڤین و
شەونمێ لە تکان
گەڵایێ لە وەرین
بەڵام هەرگیز ناوی نهێنیی ئەو ڕێگایانەت پێ نەوتین
کە بۆ تۆمان دەهێنێتەوە
ناوی ئەو شووشە عەترانەت پێ نەوتین
کە بەبۆنی تۆ ئاشنامان دەکاتەوە...
ئەم ڕێگا پێچاوپێچانە
ئەم دەربەندە تووناوتوونانە
هەر دەڵێی
جگەری پارە پارییەی (حاجی)ن
لە داخی میللەتێکی بەدبەخت

ئەم چنار و شۆڕەبییانە
بۆ ئەوەندە حەزین دەلەنگێنەوە
حوزنی ئەوانەی لەو کێلانەوە دێن
کە بەسەر سنگی نادیارەکانەوە دیارن
حوزنی ئەوانە لە تەمستانانەوە دێن
کە باڵای خاک و ئاڵای دەنگ و شەپۆلی ڕووباریان شاردووەتەوە
حوزنێکە لە حوزنی پرسە ناچێ
لە دەمی خونچە ناچێ کە ئێواران دەپووکێتەوە
حوزنێکە لە مانا...
مانایەکە لە پەنا بەرد کەون دەبێ
ونبوونێکە لە سوورەت
(هێندە سوورەت زۆر بووە مانا لەپێناو ونبووە)
ئەوە حوزنی ئەو شۆڕبییانەن... کە خەمی ئێمە دەڵێنەوە
لە تامی خەمی ئەم ڕۆژگارە دەلەنگێنەوە

لێرەوە
گوندی (جوانیاوە) دەبینم
دووکەڵێک سپی سپی
وەک ڕدێنی حاجی
بەرز دەبێتەوە و
خۆی دەدات لە (عیشقاوە)
عیشقاوە پایتەختی خودایە
مەفتەنێکە پڕ لە خەم و جوانی
مەملەکەتێکە تژی لە بێزاری و خەون
لێرەوە
(ڕۆژ) دەبینم
وەک بڵێی تەعبیر لە یەئسی خۆی بکات
چرکە بەچرکە زەرد دادەگەڕێ

ئیسماعیل بەرزنجی (٦)

ئێمە بەهەمان ڕۆحی چرکەوە
بەهەمان یەئسی عیشقەوە
بەهەمان بێزاری
بەهەمان تەم
بەهەمان کفن
بەهەمان ڕێ دەچینەوە... دەگەینەوە باوان
پێیان دەڵێین سڵاو
سڵاو لە تەنیاییتان کە گیانتان پڕە لە دەنگ
سڵاو لە غوربەتتان کە پڕە لە تۆزی وەڵام
وەڵامی گەرم
گەرمییەک لە باخی بەهەشت
بەهەشتێ لە یەئس
ئێستا
پاش ئەو هەموو کفن و گۆڕ
دوای کارەساتی سێوەکە
لیمۆیەک هەیە
بەهانامانەوە دێت
لیمۆی شیراز

چنارۆک ٢٩/١٠/٢٠٠٤

# پێ لێنان

سەعات بیست و پێنجی
رۆژی هەشتەمی مانگی سێزدە
شیعر
لە شێوەی کچێکی نەرم
زۆر نیان
تا بڵێی خان و مان
لە دەرگای دڵمی دا
دڵم...
کە زەمانێکە خەوی لێ کەوتووە
بەسستی
بەچاوی کز و دەستی لەرزۆکەوە
دەرگای کردەوە

شیعر وتی:
– ئەوە بۆ وا زوو دەسبەردارم بووی؟
(زەمانی دڵم) تێک ئاڵا و بەلاڵی و پتی وتی:
– ئا... ئا... ئاخر... لە نهێنی... ی... عیشقەکەت نەگەیشتم.
شیعر وتی:
– تۆ هەمیشە موفرەداتی ئەڤینت ماچ دەکرد،
ئێستا لێوت سیس و ژاکاوە؟
دەمی دڵم کەفی کرد و وتی:
– قوڕی کوێ بکەم بەسەر خۆمدا، ئەوەی تەڕاتی بوو تۆ مژیت
شیعر وتی:
– بەبیرت دێ، بەو پەنجە باریکانە تاڵ تاڵ قژمت دەهۆنیەوە؟
دەستی دڵم بەلەرزە لەرز وتی:
– ئێ خۆ دەستیش هەر ئەوەندەی لە توانادایە
نیو سەدە لەناو قژێکدا کار بکات
شیعر وتی:
– ئەوەندە حیزانە سەیرت دەکردم، جارجار لە خۆم تەریق دەبوومەوە،
بۆ وا زوو کت و کۆر بووی؟
چاوی دڵم بە نابینایی وتی:
– دەبوایە بزانم (جوانی) گەورەترین بکوژە
***

جا ئێستا
بەسیمایەک
کە هەر لە درەختێکی ڕەق هەڵاتووی ڕێبەندان دەچێ
بەچاوێک
کزتر لە چرای بەردەم ڕەشەبا
بەلێزێک
بەبارتر لە لێوی کیژی دایک مردوو
بەدڵێک
وێرانتر لە گوندێکی دوای بوومەلەرزە
دێم
بەهێواشی دێم
بێ ئەوەی پنجە گیایەک بێدار بکەمەوە
ئەستێرەیەک بەخەبەر بێنم
دێم تا دووبارە ببمەوە بەموریدی شیعر

# دەبوایە من قەرەج بام

دەبوا من قەرەج بام
لە هەر کوێیەک هەوەسم لێ با
سازەکەم بژەندبا و
گۆسکەیەک شەرابم فڕکردایە
***
دەبوایە من قەرەج بام
باو و بۆران
هەموو دەم دەوارە شڕەکەمی تێک دابا
سەگی هەموو گەردوون پێم وەڕیبان
***
دەبوایە من قەرەج بام
بەگالیسکەیەکی شەت و پەت

هەرچی سنوور هەیە بمبەزاندبا
ئەوەی مۆر و قامچیی بەدەستەوەیە
بە لەعنەتم کردبا
***
دەبوایە من قەرەج بام
قژم لوول و بژ بووایە
هەر دەمێک هەستم بەوەڕسی کردبا
کۆلکە دارێکم بخستایە سەرشان
***
دەبوایە من قەرەج بام
ژنەکەم لە هەر کوێیەک ژانی بهاتایێ
بەشیری مامز فرچکی مەلۆتکەکەمان دابا و
بەگیاش بمانپێچابایەوە
***
دەبوایە من قەرەج بام
وادەی هیچ بۆنە و نوێژێکم نەزانیبا
چ کتێبێکی موقەدەسم نەخوێندبایەوە
***

دەبوایە من قەرەج بام
نەمزانیبا جنسییە و نفوس چییە
ناوم لە هیچ دۆسییەیەکی دەوڵەت نەبا
***
دەبوایە من قەرەج بام
بە زمانێک قسەم کردبا
تەنیا سەگ و پشیلە تێم گەیشتبان
بەچاوێک سەیری دنیام کردبا
تەنیا قاز و قورینگم دیتبان
بەقاچێک هەنگاوم هاویشتبا
تا ئەژنۆم بکەوتایە ناو خوناو
بەدەستێک دوعام کردبا
گەرم و ڕووناک وەک هەتاو
***
دەبوایە من قەرەج بام
تا ئەو ڕۆژەی شۆڕ دەکرامەوە ناو گۆڕ
سەیری ئاوێنەم نەکردایە
***

دەبوایە من قەرەج بام
تا وەک ئیتماتۆڤ
رۆمانێکی گەورە و نەمرم بنووسیبا
***
دەبوایە من قەرەج بام
کە ئێواران دڵتوندی دای گرتبام
بارو بارگەم بپێچایابەوە و
ڕووم لە لێواری خەرەندێک کردبا
***
دەبوایە من قەرەج بام
تەنیا ئینتیمام بۆ گڵەسوور هەبووایە
***
دەبوایە من قەرەج بام
ژانەسەرم بەبۆنی بەیبوون
ژانەسکم بەئاوی ڕێواس
چاک ببوونایەوە
کە نیگەرانیش دای دەگرتم
زۆربایانە سەمام کردبا
***

دەبوایە من قەرەج بام
تا بە چەقۆ تیژەکەم
لەزەتم لە شەقکردنی سێو بینیبا
***
دەبوایە من قەرەج بام
بێ وڵات و مەفتەم بوومایە

# پیاسەیەک
## لەگەڵ بورهان جاهیددا

سەعات سێ و چل و پێنج دەقیقەی
پاش نیوەڕۆی یەکشەممە ٢٠٠٦/٣/٥
کە ساڵڕۆژی یەکەم چەخماخەی ڕاپەڕین بوو
تەلەفزیۆن و ڕادیۆکانمان
بەرنامەی (گۆرانیی داواکراو)یان
پێشکەش دەکرد و
سیاسییەکانمان لە بەغدا
خەریکی بنیاتنانەوەی عێراق و...
ئاشتەوایی نێوان شیعە و سوونە بوون و...
پەرلەمانتار و وەزیرکانمان
چاوەڕێی بەخشیش و جەژنانە بوون

که مزگەوت پڕ لە ئیماندار و...
کتێبخانەی گشتی چۆڵ و هۆڵ و
پارکیش تژی لە پۆلیس
لای حەمامی عەسری
توشی بورهان جاهید بووم
– قوات ئۆلسەن بەبەم، ئەی بەدمەستی بزر!
+ ئەهلەن گوێزم!
– ئەوە بۆ کوێ دەچی؟
+ باشە ئەو شارە بارێکی تێدا نەماوە؟
– ئاغام بابچین بۆ موعەلیمین!
بەلارە لار
بەتەک ئاوی کەسک و سۆردا ڕۆیشتین

بورهان ئاغا
ئاغای هەمیشەی لات و برسی
وەک جاران سیس و مات
پرچی سەرح و
پێڵاوی قوڕاوی و
یەخەی کراسی چڵکن بوو
بە بۆیەکەی وت:
– پازدە چارەگ عەرەق!
پێم وت:
– ئەی بەگزادەی خێر لەخۆ نەدیو... زۆر نییە؟
دەستێکی بەڕیشە چەرمووەکەی داهێنا و بەدەم داگیرساندنی
جگەرەیەکی غەمدانەوە وتی:
– ئەدی ئەورۆ ڕاپەڕین نییە؟
ئاغای هەردەم ڕەجاڵ
هەمیشە خەیاڵ
لە فڕکردنی چارەگی یەکەمدا وتی:
– هاوار کوردی بەدبەخت!

لە هی دووەمدا وتی:
– ئاخ ئەی بەنزین و غاز و نەوت!
لە هی سێیەمدا وتی:
– ئۆف ئەی وەزعی بەربادی شیعری کوردی!
لە هی چوارەمدا وتی:
– وای لەو بازاڕە بێ سەروبەرە!
لە هی پێنجەمدا وتی:
– پەککو لەو گرانییە!
لە هی شەشەمدا وتی:
– وای لەو فەسادە!
لە هی حەوتەمدا وتی:
– پەح لەو تەربییە سەقەتە!
لە هی هەشتەمدا وتی:
– لەعنەت لەو هەموو تیرۆریستانە!
لە هی نۆیەمدا وتی:
– نەفرەت لەو ڕێزمانە پەقەتە!

لە هی دەیەمدا وتی:
– تف لەو مەشرووبە مەغشووشە!
پێم وت:
– گەورەم بەس نییە؟
ئاغای هەمیشە نیگەران
شاعیری موعەدەل گیرفان بەتاڵ
پێنج چارەگی خستە ناو عەللاگەیەک و...
لە نزیک هوتیلی شیراتۆن
لە کاتێکدا
کۆمەڵە دیزداشە لەبەر و عەگال بەسەرێک
شان بەشانی چەند تاجیرێکی کورد
لە شەوێکی سوور دەهاتنە دەرەوە
بۆراقێک نیشتەوە و
بورهاناغای بردە بەرزایی و
ئەزیش گەڕامەوە موعەلیمین
تا لەگەڵ بۆیەکە
تەسفیەی حیسابات بکەم!

# خۆناساندن

من...
سەرۆک کۆماری مەملەکەتی گوڵستانم
بەکودێتا و شۆڕش نەهاتوومەتە سەر کورسی
من...
لە لایەن گوڵ/ پەپوولە/ کتێب/ منداڵ/ەوە
هەڵبژێردرام
لە گوڵستانی مندا
پەرلەمانتار بێ مووچەیە
سەری مانگان
تۆپی باسکە بۆ قوتابیان دەکڕن
سەرۆک وەزیرانم
پسپۆری وەنەوشەیە

وەزیری بەرگریم
لە لاسکی ڕێواس قەڵەم دروست دەکا
هـی ناوەخۆ
جادە لە ڕەشە ڕەیحان
هـی پەروەردە
دەفتەر و کتێب لە گوڵی ئەشرەفی
هـی کشتوکاڵ
چیمەن لە شەوبۆ
هـی پیشەسازی
فڕۆکە لە میخەک
هـی رۆشنبیری
هۆڵ لە سۆتکە
هـی ئاوەدانکردنەوە
خانوو لە حاجیلە دروست دەکەن
***

ئیسماعیل بەرزنجی (٧)

لە گوڵستانی مندا
شەوان مەلۆتکە فرچک بەمانگەوە دەگرن
زارۆک
ئەستێرە دەکەن بەکەلا شووشە
بووک و زاوا
شەوبا دەکەن بەکوللە و پەردە
لە گوڵستانی مندا
سبەینان
مامز و منداڵ
بەیەکەوە دەچن بۆ فێرگە
نیوەڕۆیان
کۆتر و منداڵ
بەیەکەوە نان دەخۆن
ئێواران
توتک و منداڵ
بەیەکەوە دەخەون

بەری بەیان
کەو و منداڵ
بەیەکەوە دەقاسپێنن
لەگوڵستانی مندا
فابریقە و کارگەکان، موعەدەل
بووکە شووشە/ دەبدەبە/ نوقوڵ/ کەمان
ڕەوڕەوە/ حندرحۆپ/ گوڵدان/ جانتا/ دەفتەر/ کۆلارە
دروست دەکەن
***
لە گوڵستانی مندا
هەموو شەوێک شایلۆغانە
تیپی ئۆرکسترای قومرییان
سەمفۆنیای (کاروانە هەی کاروانە) دەژەنن
تیپی سەمای ڕیشۆڵان
بالێی (هۆب زەندان) نمایش دەکەن
تیپی شانۆی کەروێشکان
شانۆی (دیسان بارانە) تەمسیل دەکەن
***

له گوڵستانی مندا
کچ و کوڕ
له ڕۆخ ڕووباران یەکتر دەناسن
بەشایەدی کانیاوان
دەبنه ژن و مێرد
گوڵه ڕۆنیاس
دەکەن بەدۆشەگ
کوریکه نیسان بەبالیف و
رازیانه بەلێفه
بەشەراب و خۆشاوی سوێسن و بەیبوونیش
مەست دەبن
***

لە گوڵستانی مندا
خەڵک بەسەردانی مەزاری (نالی و خانی)
دەبنە حاجی و
پێنج فەرزەش
کڕنووش بۆ
گوڵ و
ئاسمان و
ئاو و
ئاگر و
خۆڵ دەبەن
***
لە گوڵستانی مندا
جێگەی کۆرە جرج و شەمشەمە کوێرە و...
گۆڕِ هەڵقەنە و بزنی ڕیشدار و...
شەوگەردی تۆپیو نابێتەوە
جا ئەوانەی
ئاشقەمانگ و گوڵ و مرۆڤن
ئەوانەی حەنین دەیانکوژێ
ئەوانەی بەخاک مەستن
بفەرموون بۆ گوڵستانی من

# دژە دیمەن

*** خۆم**

مامۆستایەکی بۆینباخ لەملی پۆشتە
ئەوە من نیم
رۆژنامەنووسێکی جانتا لەبن هەنگڵی زمانلووس
حاشا ئەوە من نیم
فەرمانبەرێکی ویڵ بەدوای تەرفیع و علاوە
ئەوە هەر من نیم
جگەرەکێشێکی ڕاڕای لە شیعرا فاشیل
بمگرە
ئەوە منم و داوای قەرزەکەت بکە

* زیلان

– بابە

+ ئۆباب
– بابە تەلەفزیۆن یەعنی چی؟
+ یەعنی ئەفلام کارتۆن و زوم زوم و ئەنتۆنیللا
– جەریدە یەعنی چی؟
+ یەعنی رەسم و بەبە و بەعە
– ئەدی بابە شەڕ یەعنی چی؟

*** بەیان**

بەیان رقی لە لافیتە بوو
دەیدڕاند، دەیکرد بەسەر پۆش و دیزداشە
بەیان ژیر بوو
درکی بەوە کردبوو کە لافیتە
درۆیە
ساختەیە
فێڵە

*** گوڵ**

ژنەکەم:
– ئەرێ پیاوەکە قەت گوڵێکت پێشکەش نەکردم
کیژە بچووکەکەم
– بابە رەسمی گوڵێکم بۆ بکە
تەلەبەیەکی دراوسێمان:
– مامۆستا ئینشایەکم لەسەر گوڵ بۆ بنووسە
هەرسێکتان بمبوورن
لە وڵاتێکدا
کە گوڵ تیایدا سووتێندرابێ
ئەتک کرابێ
چۆن گوڵ پێشکەش بکەم
چۆن رەسمی گوڵ بکەم
چۆن لە گوڵ بدوێم؟

*** ئازاد شەوقی**

تۆ بڵێی سروشت ئەوەندە جوان بێت؟

*** گێڕەن**

شەممە: بۆ درۆ

یەکشەممە: بۆ درۆ

دووشەممە: بۆ درۆ

سێشەممە: بۆ درۆ

چوارشەممە: بۆ درۆ

پێنجشەممە: بۆ سەر قەبران

هەینی: بۆ ژنەکانمان

*** نوێپۆشی کۆنەخواز**

سەعاتەکەی سویسرییە

قاتەکەی فرەنسییە

ساقۆیەکەی ئینگلیزییە

قەمسەلەکەی ئەڵمانییە

مەشروبەکەی رووسییە

پێڵاوەکەی ئیتالییە

چروتەکەی کوبییە

کەچی رقی لە

ژان ژینێ، رامبۆ، نالی، ئەدۆنیس، دیستۆڤسکییە

*** دەجال**

ژنێکی جگەرەکێش بووایە
دەبوو چەپکێ یادگار
سەرکردەیەکی ئازابوایە
لە دەرسی مێژوو باسی دەکرا
پایپ بەلێوێکی عەجاییبیش بووا
بۆ پرۆپاگەندە یەکاویەک بوو
بەڵام ئەمە دەجالە دەجال
نەدەکەوێتە بەر بینین
نەخانەی هیچ پێناسەیەک

*** وەرز**

زستان پەڵەی دا و یەکترمان کوشت
بەهار ماست پەیدابوو یەکترمان کوشت
هاوین ترێ پێ گەیی یەکترمان کوشت
پایز گەڵا وەری و یەکترمان کوشت
گرنگ ئەوەیە وەرز بنێرین

*** جانتا**

دۆلاری تێ دەئاخنرێ
پڕ دەکرێ لە مایۆ و ستیان و سێت نەوم
جێگای دەمانچە و کاتیم و TNT یشی تیا دەبێتەوە
جانتا
تژی دەکرێ لە وێسکی و حەشیشە
ئاخ
ئەی جانتای شیعرەکانم
نازانم لە چ وێستگەیەک لەبیرم کردی

*** دۆڕان**

پار سەلاجەکەیان فرۆشت
پێرار تەلەفزیۆنەکەیان
بەستر پێرار رایەخەکەیان
ئەمساڵ رادیۆ و موسەجیلەکەیان
بۆ نامووسیش خوا کەریمە

*** ئێکسپایەر**

پەنیری کیری
ماسیی سەردین
ریگن، کاسترۆ ئێکسپایەر بوون
لە کوردستانیش
درۆ و سیاسەت مەفعوولیان تا ئەبەدە

*** سەعات**

هەشت و نیو دیلەکان ئازاد دەکرێن
دە و بیست دەقیقە بوترس غالی سەفەر دەکا
سەعات نۆ بۆیە دەکرێتەوە
یازدە: تەقە دەست پێ دەکا
یەک و نیو: دزەکان دابەش دەبن
سەعات دوو رێککەوتنی ستراتیژی مۆر دەکرێ
نیوەشەو بلدۆزەر ئاودیو دەکرێ
گرنگ ئەوەیە زەمەن بکوژین

*** مێژوو**

نەنووسراوەکانی تۆینبییە

نەچەند جزوبەندەکەی عەبدولڕەزاق حوسەینیە

نە- کیفاحی-ی هیتلەرە

نەکتێبەکانی دکتۆر کەمال مەزهەرە

مێژوو دوو وشەیە

١- کیمیا

٢- ئەنفال

*** پەنجەرە**

دونیا پڕە لەپەنجەرە
حەمام و ئاودەست پەنجەرەیان تێدایە
ماڵی لۆران کابیلا پەنجەرەی تێدایە
کتێبخانەی گشتی پەنجەرەی تێدایە
کۆشکی سپی پەنجەرەی تێدایە
کڵێسا و مزگەوت پەنجەرەیان تێدایە
باخچەی حەیوانات پەنجەرەی تێدایە
ژووری شاژن پەنجەرەی تێدایە
بارەگای UN پەنجەرەی تێدایە
لەم کەونەدا
دوو شوێن بێ پەنجەرەن
یەکیان بەندیخانە و
ئەویتریش دڵی من

*** تف**

ئەو ئێوارەیەی گەیشتمە ئاوایی
جحێڵ و کۆک و تۆلاز و قۆز بووم
– کامۆ– فێری کردبووم
(لە خۆکوشتن بەولاوە هیچ کێشەیەکی فەلسەفی لە ئارادا نییە)
– حاجی قادر– رای هێنابووم
(هەموو ژنێک بەمەستوورە تێ بگەم)
سارتەر چرپاندبوویە گوێم
(بەئیختیاری خۆت بژی و بمرە)
کە دوو پۆلە پێشمەرگەم بینی یەکتریان دەکوشت
لەو چرکەیەوە فێربووم
موعەدەل تف روو دەکەم

# * نامەنتیق

ئەو شەوەی مستەفا پەژار جەڵتە لێی دا
٢٠٠ تەن مەشرووبات
٢٠ ترێڵە جگەرە
١٠ ئەنتەرناش پڕ لە پێڵاو و بلووزی ئیتاڵی
گەیشتنە ناو شار
ئەو سپێدەیەی مستەفا پەژار بۆ نەخۆشخانە بردرا
بڕیار وابوو
پازدەم دانیشتنی ئاشتی دەست پێ بکات
جێبێکی PMF لەسەر شەست مەتری پەنجەر ببوو
ئەو چێشتەنگاوەی مستەفا پەژار شۆرکرایەوە ناو قەبر
ژمارەی پێڵاوەکانی ژنی مارکۆس گەیشتە ١٠٠١ جووت
وەرەقە بە ٢٢١٠ دینار بوو
یادی سەد ساڵەی هەمەنگوای بوو
چ نامەنتیقە ئەم وجوودە

*** سۆندە**

لە باخچەی ساوایاندا
زارۆکان ئاوپژێن دەکات
لە خەستەخانەکاندا
میزی نەخۆشی بەناودا دەڕوات
لە ئەمن و ئیستخباران
مرۆڤ دارکاری دەکات
سۆندە
وەک بنیادەم ئینتیهازی و سێ رووە

ئیسماعیل بەرزنجی (٨)

*** قەڵەم**

ڕۆمان و قەسیدەی گەورەی پێ نووسراوە
ئیمزای جۆرەها خیانەتی پێ کراوە
ئینسانی مەزنی خستووەتە بەر پەتی سێدارە
وڵاتی منی کردووە بە چوار پارچە و
سەر بەخۆییشی داوە بە کوێت و ڤاتیکان
جاڕی مافی مرۆڤ بە قەڵەم نووسراوە
ئای قەڵەم
شەریفێکی چەند نەمری
ئەخلاق سزێکی چەند گەورەی

*** کلاشینکۆف**

لە جەنگەڵەکان
هێمای ورە و نەبەزین بوو
لە شاخەکان
رەمزی وجوود و کەرامەت بوو
مخابن کلاشینکۆف
ئێستا ئارمی وڵاتفرۆش و دزانی

*** سەر**

(سەر)م هێنا و (سەر)م برد
(سەر)م بەزۆر کولانکەدا گرت
(سەر)م لە زۆر شارو گوندان دا
چەندان باليفم خستە بن (سەر)م
لاى سەدان بەربەر (سەر)م تاشى
بەڵام (سەر)م شۆڕ نەکرد

*** چاو**

(چاو)م بڕییە هەموو جوانییەک
(گوێ)م لە سەدان دەنگوباس گرت
(گوێ)م لە فیغانی ژن و
لرمەی تۆپ و هاشەی تەیارە بوو
(گوێ)بیستی ملیۆنەها درۆ بووم
(گوێ)رایەڵی قانوون و یاسا بووم
بەڵام ئەڵقەم لە (گوێ) نەکرد

*** دەم**

بە (دەم)م گۆرانیم وت
(دەم)م خستە ناو چەندان (دەم)
بادەملێ و چوكلێت و فستقم خستە ناو (دەم)م
(دەم)م داخستووە
(دەم)م كردووەتەوە
بەڵام (دەم)م پیس نەكردووە

*** زمان**

بە (زمان)م کاسەی ماستم لێستووەتەوە
سەری (زمان)ی خۆم گەستووە
بە (زمان)م هەلهەلەم لێ داوە
بە (زمان)م سمێڵم تەڕکردووە
بەڵام (زمان)م لە کەس نەداوە

# پێڕست


گەرما ..... ٥
مردن هەمیشە روخسارە جوانەکان بۆ خۆی دەبات ..... ١١
گەردۆز ..... ١٥
من هەمیشە لەوێوە دێم ..... ٣٠
لە دەروازەی قەبرستانی مەعمەل قیڕدا ..... ٣٥
دەخیلت بم مەحموود زامدار ..... ٣٩
رۆژێک لە هەموو رۆژەکان سەخیفتر ..... ٤٤
رۆژباش ئەی برادەرە پیرۆز و جوانەکەم ..... ٤٧
تیاترۆ ..... ٥١
حەنین دەمکوژێ ..... ٥٣
پەست وەک ئێوارە نارنجییەکانی نیشتمان ..... ٥٧
ئەوانە ..... ٦٢
پرۆڤە ..... ٦٤
هەوەس و بۆن ..... ٦٦
پیرەکان ..... ٧٠
نەهەنگ و لەرز ..... ٧٣
خۆماندوو کردن ..... ٧٥
لیمۆی شیرازی ..... ٧٨
پێ لێنان ..... ٨٣
دەبوایە من قەرەج بام ..... ٨٦
پیاسەیەک لەگەڵ بورهان جاهیددا ..... ٩١
خۆناساندن ..... ٩٦
دژە دیمەن ..... ١٠٢